## ڕەشنووسی یاسای C4JR

### مادەی ١
### ناوی هاوپەیمانێتییەکە

ناوی هاوپەیمانێتییەکە دەبێت ئەمە بێت: هاوپەیمانێتییەک بۆ قەرەبووکردنەوەیەکی دادپەروەرانە
Coalition for Just Reparations

کورتکراوەی ناوی هاوپەیمانێتییەکە بە زمانی ئینگلیزی دەبێت بەC4JR
لۆگۆی C4JR بریتیە لە بازنەیەکی سپی لەناو چوارگۆشەیەکی شین وە پیتەکەنی هاوپەیمانێتی قەرەبو کردنەوەی دادپەروەرانە (هـ.ق.د)
نوسینەکانی ناو لۆگۆکە بەزمانەکانی ئینگلیزی ، عەربی و کوردی دەنوسرێن
لۆگۆ و نوسینەکانی ناوی بە هەر سێ زمانەکان هەمان وەکو یەک وان .

### مادەی ٢
### پەیام

**C4JR** تۆرێکە پێکهاتووە لە کۆمەڵێک ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی لە عێراقدا کە هەموویان ئامانجیان داکۆکییکردن و برەودانە بە دۆزی قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە لە عێراقدا. پەیاممان دابینکردنی قەرەبوویەکی دادپەروەرانەیە بۆ ئەو قوربانییانەی لەماوەی ململانێکانی داعشدا لە عێراق دووچاری پێشێلکردنێکی توندی مافە مرۆییەکانیان بوونەتەوە

### مادەی ٣
### چالاکییەکان

C4JRهەوڵ دەدات بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکە لەڕێگەی:

- ئەنجامدان و بڵاوکردنەوەی توێژینەوە،

- هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی پشتگیریی ناوخۆ و نێودەوڵەتیی،
- پشتگیریکردن لە گەڕاندنەوەی مافی قەرەبووکردنەوە بۆ قوربانییان ئەویش لەڕێی کامپینی ئاسایی و کامپینی میدیای دیجیتاڵییەوە،
- بەدەستهێنانی پشتگیریی گشتی و سیاسیی بۆ پرۆگرامەکانی قەرەبووکردنەوە
- سازدانی کۆڕ و دیداری هەمەجۆر بۆ ئاڵوگۆڕکردنی بیرورا جیاوازەکان لەسەر ئەم بابەتە
- چاودێریکردنی چۆنییەتی ڕاپەڕاندنی ئەو یاسایانەی لە ئێستادا هەن و تایبەتن بەم بوارە
- ئەنجامدانی چالاکیی دیکەش

## مادەی ٤
## ئەندامێتی

C4JR سەکۆیەکی کراوەیە و هەموو ڕێکخراوە ناحکومییە هاوڕا و پەیوەندیدارە تۆمارکراوە عێراقیەکان دەتوانن بێنە ناویەوە.

هەموو ئەو ڕێکخراوە ناحکومییانەی ئامانج و شێوازەکانی قەرەبووکردنەوەی قوربانییەکانیان بەو شێوەیەی لە POSITION PAPER (نووسراوی ڕا و هەڵوێستەکان لەسەر قەرەبووکردنەوە) و یاسای C4JR دا هاتوون قبووڵە، دەتوانن بێنە ناو گرووپەکەوە.

ئەندامێتی ئەو کاتە کارا دەبێت کە ئەندامە نوێکان لە کۆبوونەوەی گشتییدا دانیان پێدا دەنرێت.

دەکرێت ئەندامانی گرووپەکە/هاوپەیمانێتییەکە بکرێنە دەرەوە ئەگەر ئەو ئەرک و ڕێنماییانە پشتگوێ بخەن کە لەPOSITION PAPER ەکەدا هاتوون یان یاسا ناوخۆییەکان پشتگوێ بخەن، یان بەخراپی ئەو پارەیە بەکاربهێنن کە بۆ چالاکییەکانی C4JR وەرگیراوە.

دەکرێت داواکاریی دەرکردنی ئەو ڕێکخراوانەی لە هاوپەیمانێتییەکەدا ئەندامن پێشکەش بە لێژنەی هەماهەنگیان پێنج ڕێکخراوی ئەندام لە C4JR بکرێت. دەرکردنی ڕێکخراوی ئەندام لە C4JR ئەو کاتە جێبەجێ دەکرێت کە لە کۆبوونەوەی گشتییدا پشتگیریی بکرێت.

.

## مادەی ٥
## دەستەی گشتی

دەستەی گشتی دەسەڵاتی تەواوی هەیە بەسەر تەواوی کاروبارەکانی **C4JR**. تەنیا لە کۆبوونەوەی دەستەی گشتیدا دەتوانرێت بڕیار بدرێت لەسەر گۆڕانکاریکردن لە **position paper** و یاساکان و ئەندامیەتی و شێوازی بەڕێوەبردنی **C4JR**.

پێویستە **C4JR** کۆبوونەوەیەی گشتیی ساڵانە ڕێک بخات و دەکرێت کۆبوونەوەی نائاساییش ڕێک بخات.

پێویستە
لێژنەی هەماهەنگی دەبێت بڕیار بدات کە ئەو کۆبوونەوەیە ڕێک بخرێت یان نا.

**مادەی ٦**

لێژنەی هەماهەنگی

پێویستە ئەو بڕیارانەی لە کۆبوونەوەی دەستەی گشتیی C4JR دا دەدرێن لەگەڵ بەڕێوەبردنی چالاکییە ڕۆژانەکانی C4JR لەلایەن لێژنەی هەماهەنگیەوە ڕاپەڕێنرێن. لێژنەکەکە لە 7نوێنەری لێهاتو لە ڕێکخراوانی ئەندامان پێک دێت کە ئەوانیش لە کۆبوونەوەی دەستەی گشتی بۆ ماوەی دوو ساڵ هەڵدەبژێردرێن.

لێژنەی هەماهەنگی سەرۆکێک لەنێوان ئەندامەکانیدا هەڵدەبژێرێت، لەگەڵ سکرتێرێکی گشتی لەنێوان ئەو کەسانەی لە سکرتارییەت کار دەکەن. هەر یەک لە سەرۆکی ئەنجوومەن و سکرتێری گشتی دەسەڵاتی پێشکەشکردن و واژوکردنی دۆکیومێنتیان بەناوی C4JR ەوە هەیە.
دەبێت لێژنەی هەماهەنگیساڵانە لە کۆتایی مانگی مارتی ئەو ساڵەدا، ڕاپۆرتی چالاکییەکانی ساڵی پێشووی C4JR پێشکەش بە ڕێکخراوە ئەندامەکان و ئەندامانی ئەنجوومەنی چاودێری بکات.
هەروەها دەبێت ڕاپۆرتی ساڵانەی کارەکانی C4JR کە لەلایەن ئەنجوومەنی چاودێریوە ئامادە کراوە لە ماوەی ١٥ ڕۆژدا لە ڕۆژی وەرگرتنییەوە بۆ هەموو ڕێکخراوە ئەندامەکان بنێردرێت.

لێژنەی هەماهەنگی یان پێنج ئەندام دەتوانن داواکاریی گۆڕینی ئەندامێکی لێژنەی هەماهەنگییان ئەنجوومەنی چاودێری لە کۆبوونەوەی گشتییدا پێشکەش بکەن. هۆکارەکانی لابردنی ئەندامێکی لێژنەی هەماهەنگییان پێداچوونەوە ئەمانەن:

- فەرامۆشکردنی بەردەوامی ئەرکەکانی
- ڕەفتاری نائەخلاقی/ ناپرۆفیشناڵ
- نەبوونی لێهاتوویی
- .گەندەڵی، ساختەکاری و پێشێلکارییە هاوشێوەکانی دیکە.

لابردنی ئەندامێکی لێژنەی هەماهەنگییان پێداچوونەوە، ئەو ئەرکە یاساییانە لانابات کە لە هەندێک حاڵەتی دیارییکراودا بەهۆی ئەو پێشێلکارییەوە دەکەوێتە ئەستۆی کەسەکە.

**مادەی ٧**

**سکرتاریەت**

پشتگیریی تەکنیکی و پرۆفێشنەڵانە و کارگێری بۆ **C4JR** لەلایەن ئەو سکرتارییەتەوە دەبێت کە لەلایەن لێژنەی هەماهەنگییەوە هەڵدەبژێردرێت. دەبێت ئەو سکرتاریەتە سەربەخۆ بێت و تەنیا نوێنەرایەتیی هاوپەیمانێتییەکە بکات.

COALITION FOR JUST REPARATIONS —C4JR—

Jiyan Foundation for Human Rights

## مادەی ٨
## ئەنجوومەنی چاودێری

دەبێت ئەنجوومەنی چاودێری لە ٥ ئەندام پێک (بەو مەرجەی دووانیان هاوڵاتیی عێراق بن و دووانیان ژن بن) بێت کە خاوەن بنەما ئەخلاقیی بەرز و شارەزا و لێهاتوو بن و دوور بن لە مەیلی سیاسیی بۆ لایەنێکی دیاریکراوی عێراق یان ڕێکخراوێکی دیاریکراوی ناو **C4JR**. ئەنجوومەنەکە بەلایەنی کەمەوە ساڵی یەک جار کۆدەبێتەوە تۆ پێداچوونەوەی چالاکییەکانی **C4JR** بە لایەنە داراییەکانیشەوە. بەلایەنی کەمەوە شەش مانگ دوای کۆبوونەوەکە ڕاپۆرتێکی کورت لەسەر کارەکانی **C4JR** پێشکەش بە لێژنەی هەماهەنگیدەکات. ئەم ڕاپۆرتە جگە لە هەڵسەنگاندنی چالاکییەکانی **C4JR** دەکرێت کۆمەڵێک پێشنیار بۆ باشتلاکردنی کاری **C4JR** بگرێتە خۆی. ئەندامانی ئەم ئەنجوومەنە دەبێت لە کۆبوونەوەی گشتیدا هەڵبژێردرێن و هەڵبژاردنیان بۆ ماوەی پێنج ساڵ دەبێت.

## مادەی ٩
## پرۆسەی دەنگدان

هەموو ئەندامەکانی هاوپەیمانێتیی **C4JR** مافی ئەوەیان هەیە لە کۆبوونەوەی دەستەی گشتییدا بەشداربن و هەر یەکەیان یەک دەنگ دەدات. بۆ ئەنجامدانی گۆڕانکاریی لە ڕەشنووسی نووسراوی ڕاوبۆچوون **POSITION PAPER**ەکەدا یان لە یاسای هاوپەیمانێتییەکەدا دەبێت ٣/٢ی ئەندامان دەنگی بۆ بدا. کەمترین ژمارە کە ئامادە بن ٣/٢ی ئەندامانە/ دەکرێت نوێنەریش بنێرن. هەر گۆڕانکارییەکی تر لە لێژنەی هەماهەنگیيان لە کۆبوونەوە گشتییەکەدا دەبێت لەلایەن زۆرینەوە بڕیاری لەسەر بدرێت. کەمترین ژمارە کە ئامادە بن ٢/١ی ئەندامانە. دەکرێت لایەنەکان نوێنەریش بنێرن.

## مادەی ١٠
## دابینکردنی سەرچاوەی دارایی بۆ چالاکییەکانی C4JR

چالاکییەکانی هاوپەیمانێتییەکە پشتگیریی مادديیان بۆ دابین دەکرێت لەلایەن:

- کۆمەکی دارایی کە وەک دیاریی لەلایەن لایەنە دەوڵەتیی و نێودەوڵەتییەکانەوە ببەخشرێت.
- کۆمەکی خۆبەخشانە لەلایەن کەسی ئاساییەوە.
- کۆمەک و سپۆنسەرکردن لەلایەن کۆمپانیا گەورە سپۆنسەرەکانەوە.
- سەرچاوەی دیکەی یاسایی.

دەبێت نووسراوە داراییەکان بگەیەنرێنە دەستی ئەندامانی هاوپەیمانێتییەکە و ڕای گشتیش.

## مادەی ١١
## پرۆژە و چالاکییەکانی ڕێکخراوە ئەندامەکانی C4JR

رێکخراوە ئەندامەکانی ناو هاوپەیمانێتییەکە دەتوانن بەتەنیا یان پێکەوە کۆمەک پەیدا بکەن و دوای ڕازمەندیی لێژنەی هەماهەنگیکۆمەکەکە لە چوارچیوەی چالاکییەکانی هاوپەیمانێتییەکەدا خەرج بکەن. ئەو ڕێکخراوە ئەندامانەی پرۆژەکانیان لەلایەن لێژنەی هەماهەنگی ڕەزامەندیی لەسەر دراوە، خۆیان بەتەنیا بەرپرسن لە جێبەجێکردنی پرۆژەکە و خەرجکردنی ئەو کۆمەکەی بەدەستیان هێناوە.
پێویستە ڕێکخراوە ئەندامەکان ڕاپۆرت لەسەر خودی پرۆژەکە و تێچوو و خەرجییەکانی پێشکەش بە لێژنەی هەماهەنگیبکەن.

## مادەی ١٢
## هەمووارکردنی دۆکیومێنتە بنچینەییەکانی C4JR

دەبێت بۆ گۆڕینی دۆکیومێنتە بنچینەییەکانی هاوپەیمانێتییەکە (نووسراوی ڕا و هەڵوێستەکان لەسەر قەرەبووکردنەوە POSITION PAPERS لەگەڵ دۆکیومێنتی یاساکان)، داواکارییەک پێشکەش بە لێژنەی هەماهەنگی یان پێنج ڕێکخراوی ئەندام بکرێت. گۆڕانکارییەکان ئەوکاتە دەچنە بواری جێبەجێکردنەوە، کاتێک لە کۆبوونەوەی گشتییدا ڕەزامەندییان لەسەر دەدرێت.

## مادەی ١٣
## گروپەکانی کارکردن

بۆ ئاسانکردنی ئەنجامدانی چالاکییەکانی C4JR ڕەنگە لەناو هاوپەیمانێتییەکەدا گروپ بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکان دروست بکرێن بە لایەنی کەم لە لایەن 3 ئەندامەوەو لە لایەن لێژنەی هەماهەنگی ڕێگەیان پێبدرێ گروپەکانی کارکردن تەرکیز دەخەنە هەندێک لایەنی دیاریکراو یان هەندێک گروپ کە پێویستییان بە قەرەبووکردنەوەیە، ئەمەش بە مەبەستی دارشتن و پێشکەشکردنی چارەسەری پێویست و گونجاو وە ئاراستەی لێژنەی هەماهەنگی دەکرێ.
دەکرێت ئەندامانی C4JR بچنە ناو یەک یان زیاتر لەو گروپانە.